ئەم کاتەت شاد روناك خان

سلاّو ریّزم بۆ تۆی خۆشەویست و هیوادارم لەش ساخ و بەکەیف بی

دەستخۆشی و ماندونەبوونیت لیّدەکەم بۆ هەولّ و تەقەللاکانت، بەتایبەتی بۆ ئەم نووسینەی دواییت. کە زیاتر مەبەستی ئەم نامەیەمە.

پیّم خۆشبوو، گەر بۆم هەبیّت، چەند دیّریّك بخەمە سەر نووسینەکەت تەنها بۆ مەبەستی دەولّەمەند کردن و وروژاندنی باسەکە!.

# خونچەکان هەلّمەپروکیّنن

رەنگە زۆربەی ئەو نووسراوانەی رۆژانە لە لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرچاو خویّنەر دەکەون، تەمەنی کارتیّکردن و مانەوەیان لە بیردا کورت بن و زوو لە یادچن. هەندیّك نووسراویش هەن لەپاش خویّندنەوەیان بیری خویّنەر خەریك دەکەن و دەبنە مایەی هروژاندن و سەرهەلّدان و هەلّتۆقینی وردە بۆچون و سەرنج. ئەمانە و دەشیّت بشبیّتە کارەسات نانەوە و هەلّمالّینی سەرپۆش و سەرقاپی نهیّنیەکان و ئاشکراکردنی کۆمەلّیّك تاوان و گرفتی سەخت. بەمەش لە کۆمەلّگا دیموکراسیەکاندا، بەشیّکی زۆر لە کیّشە و دەردەسەریەکانی کۆمەلّ لە ریّگای ئەم جۆرە نووسینانەوە دەکەونە بەر نەشتەری لیّکۆلّنەوە و تەنانەت هەلّتەکاندن و بوون بە دەستپیّکیّك بۆ گوڕانکاریەکان.

نووسینەکەی روناك فەرەج (ناکریّت چی دی لە.... _ ریّوان ژمارە53 ) دەکریّت ببیّتە سەرەتایەك بۆ پیاچوونەوەی دید و بۆچونەکانمان لەمەر کیّشەی مندالّ. نووسینەکە بانگیّشەیەکە، راچلّەکاندنە بۆ ئیّمەی گەورە. داماڵینی پەردەی سەر نهیّنیە ئاشکراکانە، دیاردە دواکەوتووە زەقەکانی نیّو کۆمەلّگایەکی پر لە نەخۆشیە کۆمەلاّیەتیّکان، ئەو کۆمەلّگایەی پیّویستی بە چەندین (روناك فەرەج) و (ئۆریاناڤالاچی) هەیە لەبۆ هەژاندنی ویژدانەکان، بۆ شلّقاندنی گۆمی میّشکە قەوزاویەکانمان.

ئەوەی ناوەرۆکی نووسینەکە توانیویە تا ئاستیّکی بلّند بیپیّکیّ: تیشك خستنە سەر دیاردەیەکی پر مەترسی، رەفتاریّکی بەد و دوور لە ئینسانیەت کە ناکریّت بە هیچ تەرازو یان پیّوانەیەك شایانی بدریّتەوە ئەویش: کوشتن و فریّدانی مندالّە!!!!

گومانی تیّدا نییە هەموو ئینسانەکان یەك نرخن، بەلاّم مندالاّن مافی تایەبەتیان هەیە. بۆ زامنکردنی ئەم مافانەش: دەسەلاّتداران گەورەترین بەرپرسن.هاوکات گرنگە هەموو ئینسانیّك هاوکاربیّت لە هیّنانەدی و بەرجەستەکردنی مافەکانی مندالاّن. دەکریّت مندالاّن خۆشیان بۆ مافەکانیان بجەنگن ئەگەر: بوار، هاندان و پشتگیریان بۆ برەخسیّنریّت.

مندالاّن کەسانیّکی ئازا و زیرەکن و دەتوانن کاربکەنە سەر ژیان و گەشەکردنی خۆیان بەلاّم، لە هەمان کاتدا پاراستنیان گەرەکە دژ بە دەستدریّژی و باری خەتەر و پر مەترسی. بۆ ئەمەش دایکوباوك یان بەخیّوکەرانی مندالّ، یەکەمین بەرپرسن. . بەتایبەتی ڕەگی ئەو خۆشەویستیەی مەرجی سەرەکی ژیانی مندالّە دەبیّت لە دایکوباوکیەوە بچەسپیّنریّت.

مندالّ ئەو مرۆڤە بچووکەیە کە ویست وئارەزووەکانی، پاراستن و پیّویستیەکانی ژیانی لە ئەستۆی ئینسانە گەورەکاندایە. ئەو ئینسانانەی، بە مەبەست یان بیّ مەبەست، بەرپرسی یەکەمن لە دیاریکردن و بریاردانی ژیانی ئەواندا.

مندالّ ئینسانیّکی بیّ دەسەلاّتە لە ژیّر دەسەلاّتی ئینسانە گەورەکاندا گەورە دەبیّت.  چارەنووسیان لە دەسەلاّتی ئیّمەی گەورەدایە.

مندالّ، بۆ ئەوەی ببیّتە ئینسانیّکی گەورەی سودیەخش و بیر رۆشن: پیّویستی بە برینی قۆناخی مندالّیی هەیە. وەك چۆن گەورە پیّویستی بە سەردەمی گەورەیی هەیە. بوون و دابینکردنی پیّویستیەکانی ئەم قۆناخە بۆ مندالّ، شیّوە و چۆنیەتی سەردەمی گەورەیی مندالّەکە دیاری دەکات. هەروەك چۆن ئینسانیّك گەر مندالّی لەدەست بچیّت، دەشیّت گەورەیشی لەدەست چیّت. بەهەمان شیّوەش گەر کۆمەلّگایەك لە کاتی گونجاودا بەهای پیّویست و تەواو نەدات بە مندالاّن و بەدەنگیانەوە نەیەت، ماف و پیّداویستیەکانیان مەیسەر نەکات، ئەوا بە مسۆگەری ئەو کۆمەلّگایە وەچەیەکی نەخۆش و کیّشە و گرفت لە ئامیّز بۆ خۆی بەرهەم دەهیّنیّت.

پلەی پیّشکەوتویی کۆمەلّیّك، ئاستی ئارامی و ئاسایشی، باری هەمواری و گەشەی بەندە بە ئاستی ئاسودەیی مندالاّنیەوە. وەك چۆن  پلەی ئاسودەیی و ئارامی خیّزانیّك لە هەلّسوکەوتی مندالّەکانی ئەو خیّزانەدا بەدی دەکریّت، هەرواش هەلّسەنگاندنی ئاست و پلەی گەشە و پیّشکەوتوویی کۆمەلّیّك لە باری ژیان و گوزەرانی مندالّەکانیدا وەك ئاویّنەیەك دەبینریّتەوە.

بەلّیّ مندالّە تام بە ژیانمان دەدات و خۆشیمان پیّدەبەخشیّت، کەچی هەتا ئەمرۆش لەلای ئیّمە مندالّ لە پەراویّزدایە و سفری پاش فاریزەیە و بەها و نرخی نادریّتیّ و بگرە مولّکە، مولّکی گەورەکانە و مامەلّەی پیّدەکریّت.

تەریقکردنەوە، پیاهەڵشاخان، جنێو و سوکایەتی پێکردن، خستنە بەرکار، جەزرەبە و لێدان و ئازاردان، دەستدرێژی و..... ئەمانە بوونەتە رەفتاری زۆر لە گەورەکان دەرهەق بەمندالّ. بگرە گەورەکان سنوریان بەزاندووە و بێ رەچاوکردنی یاسا و بنەما ئینسانیەکان زۆر نائینسانیانە مندالّ فرێدەدەن و دەیانکوژن!!!!!!

تاوانەکان زۆرن و رەنگدانەوەی سەرەنجامەکانیشیان جۆراوجۆرن بەلاّم کوشتنی مندالّ هیچ پاساوێك نیە و لەلایەن دەست و مێشك رەشەکانەوە دێنە ئەنجام. ئەم دیاردیە وەك سیا رەشە لە کۆمەڵدا، پێویستە هەموو میتودێکی گونجاو بۆ بنبرکردنی بەکاربهێنرێت. چوونکە هەتا کۆمەڵگا ئەم نەخۆشیە کوشندەیەی تێدا زاوزێ کات، بنەماکانی پێشکەوتن موتوربە نابن و بە دیاردە دواکەوتوەکانەوە دەبێت بناڵێین.

ئەوەی زیاتر لە نووسینەکەی (روناك فەرەج) دا سەرنجمی راکێشا بەکارهێنانی وشەی ( ناشەعی و زۆڵ) بوو کە بۆ لەدایکبوونی هەندێك مندالّ بەکاردەهێنرێت!!

لەدایکبوونی هەر مندالێك، واتە هەڵهاتن و دەرکەوتنی ترسوکاییەك لە کۆمەڵدا. داگیرساندنی مۆمێکە لە تاریکایدا. بەبێ گوێدانە چۆنیەتی شێوە و کاتی لەدایکبوونەکە. دەڵێم (بێ گوێدانە) چونکە گەر ئێمە وەك ئەوانەی شێوە و چۆنیەتی لەدایکبوونەکە لێکبدەینەوە و بڵێین (ناشەرعی)، ئەوسا بەدڵنیاییەوە دەڵێم: دەبێت دودڵی و نیشانەی پرسیار لەسەر لەدایکبوونی زوربەمان دانێین، دەبێت بەخۆمانا بچینەوە و سەرلەنوێ پرسیارەکان ئاراستەی خۆمان و دایکوباوکەکان بکەینەوە، چونکە زوربەمان بەبێ پلان و رێکەوتنی دایکوباوکەکان دروست بووین.

ئاخۆ چەندمان دروستبووی کاری نێوان باوکێکی مەست، ماندوو یان چێژ هەڵساو و دایکێکی نقومبووی خەوێکی قووڵی پاش رۆژێکی پر لە ماندووبووی بووین؟

چەندمان سەرئەنجامی کار لە کارترازانێك بووین؟

رێکەوت چەندە رۆڵی بینیوە لە دروستبوونماندا؟

چەند دایکوباوك هاتوون و ژیرانە گفتوگۆیان کردووە و لایەنە جۆراوجۆرەکانیان لێکداوەتەوە و تێروتەسەل بیریان لێکردۆتەوە ئینجا بەکاری بەرهەمهێنان هەڵساون؟

هەتا ئێستاش لە ولاّتی ئێمەدا ژن وەك ئامێری مندالّ دروستکردن سەیردەکرێت و مامەڵە دەکرێت.

هیچ کام لە ئێمە، هیچ مندالێك بریاری دروست بوونی خۆی لە دەستی خۆیدا نییە، ئیدی مندالّی (زۆڵ) مانای چی؟؟ گەر کەسێك، بۆ هەر مەبەستێك بێت، مندالێك دروستبکات لەبەر هەر هۆیەك بێت ( ترس، شەرم، حەیاچوون!!...) خۆی نەکات بە ساحێبی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت و ئیدی تاوانی مندالّەکە چییە و بۆ (زۆڵ) بێت؟

زۆڵ بەواتای نەفرەت، بەکام یاسای ئینسانیەت نەفرەت لە ئینسانێك دکرێت جارێ مانای رق و قینە و درۆ نەزانێت چییە؟

کاممان پێی خۆشە هەموو ژیانی ئەم وشە ناپەسەندە وەك مۆرێك بە ناوچەوانیەوە بێت و لێینەبێتەوە؟؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دی بەلاّم، جارێکی دی: هیچ شتێك نیە لەم دنیایەدا ببێتە پاساو بۆ کوشتنی مندالێك. پێویستە مندالّ لە هەموو شەڕ و کارەسات و بارێکی ناهەمواردا بەر لە هەموو کەسێك ژیانی بپارێزرێت بۆیە دەبێت سزادانی ئەم جۆرە تاوانانە لە سەرو هەموو سزا توندەکانەوە بێت.

ئێمە پێویستمان بە خۆ پێگەیاندنی بنەرەتی هەیە لە بواری پەروەردەی مندالّ و دید و روانین بۆ مندالّ.

پێویستمان بە خۆپێگەیاندن هەیە بۆ گوێگرتن و تێگەیشتن لە مندالّ، لە ویست و حەزەکانیان. دەبێت تێبگەین مندالّەکانمان هاورێمانن و چیدی وەك مولّکێك سەیریان نەکەین و مامەڵەیان پێنەکەین. پێویستە وا خۆمان گۆشکەین کە ( مندالّ ئینجا خۆمان). جیهانی مندالّ فراوانە و تێگیشتن لێی کات و خۆماندوکردنی گەرەکە.

کاتی ئەوە دەمێکە هاتووە کە پێوانە و پێناسەی راستەقینەی (شەرەف) دیاری بکەین و چیدی بۆ مەبەست و مەرام و بەرژەوەندی تایبەت مانا و لێکدانەوەی بۆ دانەتاشرێت. چونکە رۆژانە چەندین مندالّ و ژن بە ناهەق و نارەوا، لە رێگای چەواشەکردنی مانای (شەرەف)ەوە ژیانیان لێ زەوتدەکرێت و بکەرانیش یان تاوانبارانیش بسکەی سمێڵیان دێت. حەزمکرد دەست وەردەمە ئەم هەویرەوە چونکە دەزانم ئاو زۆر دەکێشێت.

سەمەدی مەلا ئەحمەد

سوید20072003